به ناوی کوردستانی گەورە .

ح . س . سۆران
soransa@hotmail.com

## برووسکەی هەنیسك .

چون تەوژمی رۆژی گەردوون ، هەر لە هەنیەی ئەو ئەکا
دڵ لە گیری داوی بسکا ، هەر لە سۆنەی شەو ئەکا

چاو لە تاوی چاوی مەستی ،مەنگە ، هەستی لانەما
مەستی کاسەی هەستی خەستە ، وا بەدایم خەو ئەکا

گەردنی شووشەی گوڵاوە ، عەتری ئیلهامی هەیە
گەر نەچێژم لێوی ئاڵی ، مرخ و تەبعم سەو ئەکا

مات و رەشپۆشە بەهارم ، رەعدی ئەو بو بە هەنیسک
بۆیە چاوم لێی ئەبارێ و ئاوی خوێین کەو ئەکا

چاوە برِکێی کارە بایە ، کاتێ ئەگرێ سیمی لەش
هۆش و هەست و هێز و هیوا ، گش لە گیانم رەو ئەکا

چاکە باسی خۆشەویستی ، هەر لە دڵدا راگرم
گەر بدرکێ و گەل بزانێ ، دەنگوباسی هەو ئەکا

بەرز و تەرزن ، وردەکاری سەبکی وێژەم بۆ غەزەل
بۆیە شێوەی بەیتەکانم ، هەر لە شێعری نەو ئەکا